بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣١) لە ١٧/ ٢٠١٣/٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٣

## یاسای بەرپرسیارنەبوونی بەشداربووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان ـ عێراق لە رووی سزایی و شارستانی

**ماددەی یەکەم:**

هەر کەسێك کارێکی پێچەوانەی یاسا ئەنجام دابێت لە ئەنجامی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان یان بەهۆیەوە دژ بە رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق یان ئەوانەی هاوکار بوو بوون لەگەڵیدا لەپێناو بەرگریکردن لەگەڵ و خاکی کوردستان لە ١٩٦١/٩/١١ تاکو ١٩٩٢/٧/٤.

**ماددەی دووەم:**

رێکارە یاساییەکان دەرهەق بەو کەسانەی کە حوکمەکانی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بەتەواوی ڕادەگیرێت و راگیراوەکانیان ئازاد دەکرێن ئەگەر تۆمتبار نەکرابوون لە پرسگەلی یاسای تر.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەبێ دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە ئەستوو بگرێت بەپێی ئەو چوارچێوەی تیایدا روون کراوەتەوە بەمەرجێ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند بکرێت.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی دادوەری هەرێم ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**٢٠١٣/٧/٩**

**هۆی دەرچوونی**

بەمەبەستی پاراستنی خەباتکارانی پێشمەرگە و بەشداربووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەر بەرپرسیارێتیەکی یاسایی لە ئەنجامی ئەنجامدانیان بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانیان لەپێناو بەرگری کردن لە گەل و خاکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.